# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ قەبارەی کەرتی پیشەسازی لە ناحیەی پیرەمەگرون و ڕۆڵی لە دابینکردنی هەلی کاردا

**عەدنان علی محمد[١]، زمناکۆ عوسمان علی[٢] و گەرمیان حوسێن علی[٣]**

[١و٣] وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] توێژەری سەربەخۆ

**پوختە**

پیشەسازی بە یەکێک لە توخمە بنەڕەتیەکانی پێکهاتەی ئابوری هەر وڵاتێک دادەنرێت، مێژوی پیشەسازی شاهیدی گۆڕانکاری ڕیشەیی بووە کە لە شۆڕشی پیشەسازیەوە لە سەدەی 18 دەستی پێکردوە، بووە هۆی شێوازی بەرهەمهێنانی پێشکەوتو، پێکهاتەیەکی گرنگی گەشەی ئابوری بووە، بە دابینکردنی هەلی کار و پشتگیریکردنی داهێنان،ناوچەی توێژینەوە لەم چەند ساڵەی ڕابردودا زۆرترین ژمارەی پیشەسازی تیادا دامەزراوە، دەگاتە 16 کارگە و پیشەسازی نوێ، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ 1067 کەس، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و وەبەرهێنان و ژمارەی دەستی کار و شیکاری کەرتی پیشەسازی و توانست و ڕێگاکانی پەرەسەندنیەتی، توێژینەوەکە لە دابەشبوونی پیشەسازی بە قەبارەی جیاواز، دەرخستنی قەبارەی پیشەسازییەکە بەگوێرەی ژمارەی کارگەکان و بەرهەم و ژمارەی کرێکارەکان پێکهاتووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی تیادا هەیە، بەتایبەتیش کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان دوکان-سلێمانی، بەتێپەڕبوونی کات گەشەیان کرد و تایبەتمەندتربوون، هەموو جۆرەکانی پیشەسازی(بچوک، مامناوەند، گەورە) ،ئەم ئەنجامانە ئاماژەن بۆ گونجانی ناوچەکە و گۆڕانی پێداویستیەکانی بازاڕ و زیاتربوونی ڕەخساندنی هەلی کار، پشت بەمیتۆدەکانی (وەسفی، شیکاری، بەراوردکاری) بەستراوە، سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە بەشی یەکەمدا تیشک خرایە سەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخی توانا سروشتی و مرۆییەکان دەتوانن بەشداربن لە نیشتەجێبوونی پیشەسازی. تەوەری دووەم پەیکەربەندی کەرتی پیشەسازی لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی کار و قەبارەی پیشەسازییەکان، بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیکاری و وەسفی و بەراوردکاری بۆ هاوسەنگکردنی هۆکار و گۆڕاوە بەردەستەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی گونجاوی بۆ هەڵبژاردنی باشترین شوێنەکان بۆ ناوچەییکردنی پیشەسازی نوێ، تەوەری سێیەم کارگە و پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە.لە ڕێگەی مۆدێلە دەرهێنراوەکانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەم کارگە و پیشەسازییانە دەتوانن ژمارەیەکی زیاتر هەلی کار بڕەخسێنن و دەستنشانکردنی چەندین ناوچەی نوێ، هەریەکێکیان دەتوانرێت هەڵبژێردرێت بۆ نیشتەجێکردنی پیشەسازی جۆراوجۆر.

وشە سەرەکیەکان : پیشەسازی، هەلی کار ، پیرەمەگروون، کارگە و پیشەسازییەکان، یەکە کارگێڕییەکان.

## پێشەکی [1]

کەرتی پیشەسازی لەنێوان کەرتەکانی ئابوری ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و شوێنی گرنگی لەنێوان گەشەسەندنی ئابوری و کارتێکردنی دەستی کار و بەشداریکردن لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەیە ، هەروەها پیشەسازی پشت بە ئامادەکردنی کەرەستە و ماددەی خاو و تێکەڵکردنیان دەبەستێت بەمەبەستی بە دەسهێنانی بەرهەمی باشتر کە پێویستیەکانی مرۆڤ پڕ بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەبوونی پیشەسازی لە هەر ناوچەیەکدا دەبێتەهۆی پێشکەوتن و باشتربوونی باری ئابوری، چونکە پیشەسازی یەکێکە لە بنەماکانی سەربەخۆبوونی ئابوری، جگەلەوەی کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی شارستانی و دابینکردنی ژمارەیەکی زۆری دەستی کار دەبێت، دواجار توانای سەرمایە و توانای کڕین زیاد دەکات .
پیشەسازی یەکێکە لە کەرتە گرنگەکانی پێکهێنەری ئابوری هەر وڵات و هەرێم و ناوچەیەک، ئەم چالاکییە یەکێکە لە چەکە بەهێزەکانی وڵاتانی پێشکەوتو، لە پەرەپێدانی کەرتی ئابوری وڵاتەکانیان و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس و سەرئەنجام بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتیمانی وڵاتدا، چالاکی پیشەسازی بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و گەشەسەندندایە، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامێری نوێ و پێشکەوتو لە چالاکییەکانی ئەم کەرتە گرنگەدا.
دەستی کار، گشت کردارەکانی پیشەسازی پێویستی بە دەستی کارە، سەرەڕای جیاوازی ژمارە و شارەزایی کرێکار لە پیشەسازییەکەوە بۆ پیشەسازییەکی تر.
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی پیشەسازی بەمجۆرە دەکات : بریتیە لە گۆڕینی کەرەستەی خاوی ئەندامی یان نا ئەندامی بۆ بەرهەمێکی تر، بەهۆی کرداری میکانیکی یان کیمیاییەوە، هەرچەندە ئامادەکردنی بەهۆی ئامێر یان بەهێزی ماسولکەیی یان لە کارگە بەرهەم بهێندرێت.
لەبەرئەوەی پیشەسازی پەیوەندییەکی گەورەی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی، هەر بۆیە لە ناحیەی پیرەمەگرونیش بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی خاوی سروشتی و دەستی کار و سەرچاوەی ئاوی باش و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی لەڕوی هاتوچۆوە، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ کانونی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٣ شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ ئازار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: mamosta.adnan1988@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ **عەدنان علی محمد، زمناکۆ عوسمان علی و گەرمیان حوسێن علی**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

سـەرەکی نێوان دوکان – سـلێمانی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین کارگە و پیشەسازی نوێ لە ناوچەکەدا دابمەزرێندرێت.

قەبارەی پیشــەســازی وابەســتەیە بە هۆکارە جوگرافیەکانی هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی سەر گۆی زەوی، چونکە هۆکارە جوگرافییەکان کاریگەرن لەسەر جێگیر بوونی پیشــەســازی لە هەر ناوچەیەکدا چ هۆکارە سروشــتییەکان یاخود هۆکارە مرۆییەکان ، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لەم بوارەی بابەتی جوگرافیای پیشــەســازی گرنگیەکی زۆری بۆ دەرخستنی چەندێتی و چۆنیەتی جێگیربوونی پیشەسازی لە هەر ناوچەیەکدا هەیە ، ناوچەی لێکۆڵینەوەش یەکێکە لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە دوای کرانەوەی هەرێم بەڕوی جیهاندا ((دەرچوونی بڕیاری(986)ی ئەنجومەنی ئاســایشی– نێودەوڵەتی لە ســاڵی 1997)) و ڕزگاربوون لە داخراویی ســەردەمی حکومڕانی بەعســیەکان وردە وردە بوە هۆی جێگیربوونی جۆرەها پیشــەســازی بە جیاوازی قەبارەیانەوە، گرنگە بزانین کە ئایا بۆ دەستەبەرکردنی هەلي كاری ناوچەکە کام قەبارەی پیشەسازی کاریگەربی زیاتر بووە؟

دەتوانین بڵێن پیشەسازی پەیوەندییەکی گەورەی بەژیانی مرۆڤەیەوە هەیە، لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی ، هەربۆیە لە ناحیەی پیرەمەگرونیش بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی سروشتیەوە بەتایبەتی کەرەستە خاوە پیشەسازییەکان و سەرچاوەی ئاوی باش و هەڵکەوتی شوێنی جوگرافیاکەی لەڕوی هاتوچۆوە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان دوکان – سلێمانی ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شێوەی پیشەسازی لە ناوچەکەدا تاڕادەیەکی باش لەبەرە و پێشچون و گەشەسەندن دا بێت.

لە هەر ناوچەیەک بنیاتنان و دامەزراندنی پیشەسازی لەسەر چەند بنەمایەک بەندە کە پرۆژە پیشەسازییەکان بە بێ بوونی ئەم بنەمایانە نابێت، بنەماکانیش بەپێی کات و شوێن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** بۆ باشتر بەدواکەوتنی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران وایان بەباش زانیوە کە ئەم گریمانانە بکەنە هۆکارێك بۆ دەرخستنی واقعی ژمارەی کرێکار لە جۆرەکانی پیشەسازییەکان بە پێی قەبارەیان ئەویش ئەمانەن:

- دابەشــبوونی پیشــەســازییەکان بە پێی قەبارەیان یەکســانن لەڕوی ژمارە و کرێکارەوە .
- ڕێژەی کرێکارانی ناوچەکە لە هەموو جۆرەکانی پیشــەســازی بە پێی قەبارە کەمە، بەبەراورد بە ولاتانی ناوچەکە و جیهان.

**گرفتی توێژینەوەکە :** کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە توێژەر وەك تاکێکی ئەم ناوچەیە تێبینی کردووە کەئەویش گرفتی بێکارییە، بەشێوەیەکی هەستپێکراو دەبینرێت، ئایا کەتواری کەرتی پیشەسازی لە ناحیەی پیرەمەگرون چیە و ئایا قەبارەی بەشداریکردنی لە هەلی کاردا چۆنە؟ هۆکارە جوگرافییە کارتێکەرەکان لە پەرەسەندن و سەرهەڵدانی کەرتی پیشەسازی لە ناحیەی پیرەمەگرون چین ؟ ئایا پەیوەندییەکی ئاماریی مەعنەوی لەنێوان ژمارەی کارگەکان و ژمارەی کرێکارەکان هەیە ؟

بۆ نوسـین و ڕێکخسـتن و گەشـتنە ئەنجامێکی زانسـتی لەم توێژینەوەیەدا دو جۆر میتۆد بەکار هاتووە:

١-میتۆدی وەســفی: پاڵپشــت بە داتاکانی دەزگا حکومییەکان و کاری مەیدانی توێژەران وەسفی تەواوی پیشەسازییەکانمان کردووە بە پێی قەبارەیان.

٢- میتۆدی شــیکاریی بەراوردکاری: کە پاڵپشــت بە شــیکاریی جوگرافیایی و جیاوازی جۆرەکانی پیشەسـازی بە پێی قەبارە و چەندیەتی کرێکاری ناوچەکە تێیدا و بەراوردکردن (پاڵپشت بە دیاردە جوگرافییە کاریگەرەکان لەسەر ئەو جیاوازیە)ی ژمارەي كرێكارانی ناوچەکە بە پێی قەبارە و بە پێی کرێکارانی ناوچەکانی تر.

بۆ گەشــت ئەنجام و پشــتبەســت بە ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە توێژینەوەکە، دابەشکراوەتە سەر(3) سێ تەوەری سەرەکی:-

- هەڵسەنگاندنی باروذۆخی توانا سروشتی و مرۆییەکان
- پەیکەربەندی کەرتی پیشەسازی لەسەر بنەمای هەلی کار و قەبارەی پیشەسازییەکان .
- کارگە و پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە.


## ١. هەڵسەنگاندنی باردۆخی توانا سروشتی ومرۆییەکان

لە گرنگترین ئەرکەکانی توێژینەوە جوگرافیەکان لە بواری پیشــەســازیدا، بریتیە لە خستنەڕوی پێکهاتەی پیشەسـازی ئەو ناوچەیەی کە لێکۆڵینەوەکەی تیادا ئەنجام دەدرێـت، هەروەهـا ڕونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیـان لە بڵاوبوونەوە و دابەشــکردنی کارگە پیشــەســازییەکانی ناوچەکە گێڕاوە ، چونکە دابەشــبوون و بڵاوبونەوەی هیچ دیاردەیەکی جوگرافی لەناویاندا کارگە پیشــەســازییەکان بەبێ پاڵنەر و هۆکار نییە، بەڵکو هۆکارێک یاخود کۆمەڵە هۆکارێک بوونەتە هۆی دابەشکردن و جێگیربوونی پیشەسازی لەو ناوچەیەدا .

ناحیەی پیرەمەگرون یەکێکە لە ناحیەکانی ســەر بە قەزای دوکان و لە پارێزگای سلێمانیە،دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(′33:″37:30°) و هێڵی درێژی (′40:″44:45°) خۆرهەڵات. نەخشەی (2) بە یەکێک لە ناحیەنوێیەکانی پارێزگای سلێمانی دادەنرێت، نەخشەی (1)

نەخشەی ژمارە(1)

نەخشەی کارگێڕی ناحیەی پیرەمەگرون




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،2020 و GIS.10.8

پیرەمەگرون لە ســاڵی (1988)، دوای بە ئەنجام گەیاندنی پرۆســەی ئەنفال وەکو کۆمەڵگایەکی زۆرە ملێ دامەزراوە وە زۆر بەی گوند نیشینەکانی ناحیەی سورداش و گوندەکانی دۆڵی جافایەتی بۆ ئەم کۆمەڵگا زۆرە ملێیە ڕاگوێزراون، ئامانج لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵگا زۆرە ملێیەیش بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتیوانی گوندنشین بوو لە ترسی ئەوەی کە نەوەکو پەیوەندی بەبەرەی شــۆڕش گێرانەوە بکەن و هاوکاریان پێشــکەش بکەن. لە هەمان ســاڵیشــدا ناوەندی دوکانیش ڕوخێنراو قائمقامیەتی قەزاکە گوێزرایەوە بۆ کۆمەڵگای پیرەمەگرون. دواتر بەم شێوەیە مایەوە تا ســاڵی 1991 و مەڵبەندیی قائمقامیەتی گەڕێنرایەوە بۆ دوکان، دواتر پیرەمەگرون

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

کرا بە ســەنتەری ناحیەیی ســورداش دواتر بەشـێک لە دانیشـتوانی کۆمەڵگاکە گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان،بەڵام زۆربەی دانیشـتوان نەگەڕانەوە بۆ گوندەکانیان(احمد 2015) کە ڕوبەری ئەم ناحیەیە دەکاتە (361161) کم٢(سلێمانی ٢٠٢٠)

نەخشەی ژمارە

(2)کارگێڕی پیرەمەگرون




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،2020 و GIS.10.8

### 1-1 قۆناغەکانی گەشەسەندنی ناحییەی پیرەمەگرون

دەتوانین گەشەسەندنی ناحیەکە دابەش بکەین بە دو قۆناغ :

**أ-قۆناغی سەرەتای دروستبوون بەپێی ساڵەکان:**

١-لە ساڵی 1988 دوای ئەوەی قەزای دوکانیش تێکدراو ڕاگوێزران وەک سەرجەم ناوچەکە و شـــارۆچکەکانی تری کوردســـتـان، دەربەدەرکران و ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگای پیرەمەگرون کە سـنوری ئەم ناحیەیە لە گوندی کەڵەوانان کە سـەر بە ناحیەی بەکرەجۆیە تاوەکو تابێن گوندی چالاخ دەگرێتەوە، کە ژمارەی گوندەکانی 64 گوندە بە کۆمەڵگای پیرەمەگرون و شـارۆچکەی سـورداشـەوە دوای ڕاپەڕین (58) گونـدیان لێ ئـاوەدان بووەتەوە و (6) گونـدیان بەبێ ئـاوەدانی مـاوەتەوە، بەمشێوەیە قائمقامیەتی دوکان تاوەکو ڕاپەڕین


2- 1991 تاوەکو 1993 هەر لە پیرەمەگرون بووە دواتر گوزراوەتەوە بۆ دوکان بەمشـــێوەیە تا ســـاڵی 2005 هەر بە ناحیەماوەتەوە کە ژمارەی دانیشـــتوانی (21609) کەس بووە(بارام 2024)

**ب-قۆناغی بە ناحیەبوونی :**

دوای ئەوەی ئەم ناحیەیە لە 2005/09/02 بووە بە ناحیە، ئەم ناحیەیە وەکو یەکەیەکی کارگێری نوێ دەرکەوت، لە ساڵی 2009دا شارنشینان ڕێژەی 79.5 % وە گوند نشینان ڕێژەی 21،5%کۆی دانیشـتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە ، هۆکاری بەرزی ڕێژەی شـارنشـینان و نزمی ڕێژەی گوندنشـنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ســـەنتەری ناحیەکە پێشـــتر کۆمەڵگای زۆرە ملێ بووە و دواتر کراوە بە سەنتەری ناحیە و خزمەتگوزاری بۆ کراوە، ئەمەش هانی دانیشـتوانی گوندنشـینی داوە بە ڕەو ســـەنتەری پیرەمەگرون کۆچ بکەن، ئەمە وێڕای هەڵکەوتنی ناوچەکە لەســـەر دەشـــتی پیرەمەگرون کە بواری گەورە بوون وفراوان بوونی پێـداوە، ســـەرەڕای هەڵکەوتنی لەســـەر ڕێگای سـلێمانی - دوکان وە لە ئێسـتـادا ژمارەی دانیشـتوانی بەپێی ئاماری سـاڵی 2022 دەگاتە (42000) کەسـە و وە لە (45) گوند پێکهاتوە، بەجۆرێک کە تەنها پیشـەسـازی بچوک و مامناوەند هەبووە، کە ژمارەیان 8کارگە بووە لەجۆری قەبارە بچوک، لەگەڵ 48 ژمارەی دەســـتی کار، پێکهاتبووە(فتاح 2024)نەخشەی ژمارە(3)

نەخشەی ژمارە(3)

شوێنی جوگرافی لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی



سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،2020 و GIS.10.8

**پ-ئەنجام و شیکاری**

پیرەمەگرون لەگەڵ ئەوەی کە ئۆردۆگایەکی زۆرە ملێ بووە. دانیشـــتوانی لادێکانی چواردەوری ڕاگوێزرا بوون بۆ ناوچەکە سـەرەتا لە ڕوی گەشـەکردنی بازار و کارگە و کاری دەسـتیەوە زۆر سـسـت بوو، چونکە خەڵکەکەی لە چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ شـــوێنەکانی خۆیان بوون، ئۆردوگـایەکی تازە دروســـتکراو بوو لە ڕوی خزمەتگوزاریەوە زۆر لاواز بووە چەند دوکانێکی بچوکی لێ بووە کە پێداویســـتیبە ســـەرەتاییەکانی دانیشـــتوانی دابین کردووە بۆیە ناچار بوون ســـەردانی شـــارەکانی دەوروبەریان بکەن بۆ بە دەستخستنی هەلی کاری ڕۆژانەیان، بەڵام بە هۆی زیاد بوونی خزمەتگوزاریەکان و باشـبوونی ئابوری دانیشـتوان و فراوان بوونی ناوچەکە بە هۆی کۆچکردنی دانیشـــتوانی لادێکان و زۆر بوونی ژمارەی لە دایکبوونەوە، وایکرد پێداویستیەکانی دانیشتوان ڕو لە زیادی بکەن. لە ئەنجامدا ڕوبەری ناوچەی پیشـەسـازی و کارگەکان بەرەو فراوانی ڕۆشـتن و بووە هۆی دروسـتبونی دوکانی زیاتر و دروســـتبونی چەندین کارگە لە نزیک شـــوێنی نیشـــتەجێبوونەکان کە بەشـــێوەیەکی بەرچاو پیشـــەســـازی مامناوەند و گەورە رویان لە زیادبوون کرد، لەوانەش کارگەی گەورەی وەک ئایس سـتار و کارگەی الاحسن،لە گرنگترین ئەو کارگانەی کە لە دوای ساڵی (2020 ) وە دانراون بریتین لە (کارگەی ئایس ستار، کارگەی الاحســـن ... هتـد ) کە ئەمـانە لە گرنگترین وکاریگەرترین چـالاکیە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەن، کە بوونەتە هۆی ڕەخساندنی ژمارەیەکی زۆر لە هەلی کار

### 2-1 کاریگەریی هۆکارە جوگرافیەکان لەسەر گەشەکردنی چالاکی پیشەسازی

دەتوانین بڵێین گەشـــەکردنی چالاکیە پیشـــەســـازییەکان لە ناوچەکە لە ســـەرەتای دروســـت بوونیان هەتا ئەمرۆ زادەی چەند هۆکارێکی جۆراوجۆرن، هەر یەکەیان بەپێی کاریگەریی خۆی ڕۆڵی لە گەشەکردن و زیادبوونی ژمارەیان بینیوە لەوانە :-

**یەکەم : هۆکارە سروشتییەکان**

توانستە سروشتیەکان بریتین لەمانەی خوارەوە :-

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

أ-پێگەی جوگرافی
ب-پێکهاتەی جیۆلۆجی
پ-ڕوی زەوی
ت-ئاووهەوا
ج-خاک
ح-دەرامەتی ئاو

**ئاووهەوا و ڕەگەزەکانی:** لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە ئاووهەواییەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی بارودۆخی هەر ناوچە و هەرێمێک، گومانی تیادا نییە کە ئاووهەوا کاردەکاتە سەر کاروباری پیشەسازی و کۆی چالاکییە مرۆییەکانی تر، بارودۆخی ئاووهەوایی کاردەکاتە سەر جۆری بەروبومی کشتوکاڵی و دیاریکردنی جۆری ئەو پیشەسازییەی کە پشت بە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی دەبەستێت(الصقار 1980) کاریگەری زۆری لەسەر سەرکەوتنی زۆرێک لە پیشەسازییەکان بەتایبەتی لە وەرزێکی دیاریکراودا هەیە ، هۆکارێکیشە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی کارگەکان و دیاریکردنی ئامراز و کەرەستەکانی گواستنەوە، گۆڕانکارییە ئاووهەواییەکان کاردەکەنە سەر پرۆسە پیشەسازییەکان، بەشێوەی ئەرێنی بێت یاخود بەشێوەی نەرێنی بێت، هەرچەندە پیشەسازی نوێ توانیویەتی بارودۆخی ئاووهەوای ناو کارگەکان ڕێکبخات، ئەم پرۆسەیەش دواجار دەبێتە هۆی تێچوونی زیاتر. چالاکییە پیشەسازییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاووهەوا ، لێرەدا باس لە تایبەتمەندی ڕەگەزە ئاو وهەواییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین

**ڕەگەزە ئاووهەواوییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە : -**

**أ-پلەی گەرمی:** تایبەتمەندیەکانی پلەی گەرمی ناوچەی توێژینەوە دیارە تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە دەگاتە(20.6) °

سەلیزی، تێکڕای پلەی گەرمی بەپێی مانگەکان جیاوازە، کە بەرزترین پلەی گەرمی هەوا دەگاتە (35.5) ° لە مانگەکانی وەرزی هاوین ( حوزەیران،تەممۆز،ئاب) دا،بەهۆی ئەنجامی ئەستونبوونی تیشکی خۆر و درێژی ڕۆژ و کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری ڕاستەقینە لە ناوچەی توێژینەوەدا،هاتنی بارستە هەوایی خولگەیی و کیشوەری گەرم و وشک، (CT)دوری ناوچە لە گەیشتنی کاریگەری دەریایی سەرەڕای سامانی ئاسمان لە وەرزی هاوین ،تاوەکو بەرەو مانگەکانی وەرزی پایز ( ئەیلول،تشرینی یەکەم،تشرینی دووەم) بڕۆین پلەی گەرمی ناوچەکە ڕووە و نزمبوونەوە دەچێت،تێکڕای نزمی پلەی گەرمی ئەم وەرزە لە مانگی تشرینی دووەمدا(14.6)° سەلیزی، پاشان زیاتر ڕووە و نزمبوونەوە دەچێت لە مانگەکانی وەرزی زستاندا،بەشێوەیەك لە مانگی کانونی دووەم (7.3)° سەلیزی، تۆماردەکرێت،دەبێتە نزمترین پلەی گەرمی تۆمارکراو لە ناوچەی توێژینەوەدا،ئەمەش بەهۆی ڕوبەڕو بوونەوەی ناوچەکە بە بارستەهەوای جەمسەری کیشوەری (CP)کە یارمەتی دابەزینی پلەکانی گەرمی دەدات، لەگەڵ ئەوەی هەندێ کات بارستە هەوای بەستو کە وشك و زۆر سارده ڕو لەناوچەکە دەکات هەروەها لاری تیشکی ڕۆژ بوونی هەور لە ئاسمانی ناوچەی توێژینەوە،پلەکانی گەرما دەست بە بەرزبوونەوە دەکەن بەرەو وەرزی بەهار کە مانگی مایس کە بەرزترین پلەی گەرمی لەم وەرزەدا تۆماردەکات(19.9)°سەلیزی لەوەرزی هاویندا، پلەی گەرمی گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوایە کاریگەری کارتێکەرانە و ڕاستەوخۆی لەسەر پیشەسازی هەیە، چونکە کاریگەری لەسەر گشت ڕەگەزەکانی تر جێدەهێڵێت، لەڕوانگەی بەرزی و نزمی و مەودای گەرمی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە، چونکە کاریگەری لەسەر دیاریکردنی پێگەی پیشەسازی و بەرهەمی دەستی کار و توانستی کاریگەری لەسەر خودی دروستکراوەکە دەکات، ئەم کاریگەرییەش ڕۆڵی لە دیاریکردنی جۆری چالاکی پیشەسازی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەروەک پیشەسازی بلۆک و کاشی و شتایگەر کە پێویستی بە پلەی بەرزی گەرمی و بۆ مەبەستی وشککردنەوە هەیە.

پلەکانی گەرما کاریگەری لەسەر دیاریکردنی وەرزی کار ، بۆ هەندێک پیشەسازی خۆراک هەیە ، چونکە خواست لەسەر هەندێک جۆری پیشەسازی کەمدەبێتەوە لەوەرزی زستاندا، وەک پیشەسازی بەفر، ساردەمەنی، بەڵام خواست لەسەر کارگەکانی شیرنەمەنی زیاد دەکات، بەهۆی زۆری ڕێژەی کالۆری پێچەوانەکەی ڕاستە لەوەرزی هاویندا، ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لە کارگەی ئایس ستار هەستی پێدەکرێت، بەجۆرێک لە دوای مانگی 10 موە بەڕێژەی لە70 % کرێکارەکانیان دەنێرنەوە بۆ ماڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی 2، کارکردن لە 3 شەفتەوە دەبێت بۆ 2 شەفت و لەمکاتەشدا زۆری بەرهەمەکانیان بەرەو عێراق دەنێرن.

**ب-باران:** لەناوچەی توێژینەوە باران بارین بەشێوەیەکی گشتی لە وەرزی پایز دەست پێدەکات بەرە و مانگەکانی وەرزی زستان بڕەکەی زیاد دەکات بەشێوەیەك مانگی کانونی دووەم بەرزترین تێکڕای باران بارین دەگاتە( 102.3ملم) ئەمەش بەهۆی زیادبوونی نەورایەکەشیەکانی دەریای ناوەڕاست،کاریگەری بارستە هەوایەکانی کیشوەری جەمسەری سارد و نزمبوونەوەی پلەی گەرمیەوە دەبێت،کە بوار دەرەخسێنێت بۆ گەیشتنی دڵۆپە باران و نەبوونی بە هەڵم.

بڕی باران بارین لە مانگەکانی وەرزی بەهاردا لەگەڵ بەرزی پلەی گەرمی ناوچەی توێژینەوە،ڕو لەکەمبوونەوە دەبێتەوە کە لە مانگی مایسدا دەگاتە 20ملم) دەبێت، هەروەها زۆرجار بەفر لە زستاندا دەبارێت و دەبێتەهۆی ڕێگرتنی ڕێگاوبانەکان و وەستاندنی کارکردنی کەمێک لە کارگە و پیشەسازییەکان، بەتایبەتی لە کارگەکانی چەو و لم و بلۆک و دۆشەک و سیسەم.

**ت - تۆپۆگرافیا**

ڕۆڵی تۆپۆگرافیا لە دروستکردن و هەڵبژاردنی شوێن بۆ چالاکییە پیشەسازییەکان دەکەوێتە سەر ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینن، کە ئایا پێویستی بە چ جۆرە کەرەستەیەکی خاو هەیە(احمد، 2015)

**هۆکارە مرۆییەکان**

**هۆکاری دانیشتوان:** دانیشتوان سروشتێکی داینەمیکی هەیە، چونکە بەردەوام لە زیادبوون یان لە کەمبوون دایە، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەش بەردەوام لە زیادبوون بووە، وەک لە خشتەی ژمارە (١) دا دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆکاری نزیکی لە سەنتەری شاری سلێمانی و بوونی چەندین کارگە و پیشەسازی و دامەزراوەی حکومی، چۆڵبوونی گوندەکانی دەوروپشتی ناوچەکە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئابوری و ئاووهەواو و شکەساڵی و کەمبوونەوەی ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی، و بوونی دەرامەتی ئاو بەتایبەتی ئاوی ژێرزەوی و لێدانی بیر کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان کە زۆر بەکەمی گرفتی بێ ئاوی هەبووە،هەروەها بوونی دەشتایی کە یارمەتی فراوانبوونی ژمارەی دانیشتوان و دروستکردنی چەندین یەکەی نیشتەجێبوونی داوە، بەپێی ئاماری ساڵی (2000) ژمارەی دانیشتوانەکەی (18190) کەس بووە، بەردەوام ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە و گۆڕانکاری بەسەر دا هاتووە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، تاوەکو دواجار بەپێی ئاماری ساڵی (2022) ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە (42000) کەس .

**هۆکاری** مرۆیی بەیەکێک لە هۆکارە گرنگەکان بۆ جێگیربوونی پیشەسازی دادەنرێت ، چونکە هۆکاری مرۆیی کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵبژاردنی هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی هەیە، چونکە مرۆڤ هۆکارێک و ڕەگەزێکی کارایە لە کرداره پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان، بەهۆی ئەم ڕۆڵەگەورە وگرنگەی لە کرداری گەشە و پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیەتی ،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

دەستی کار بە گرنگترین هۆکار لە دروستکردن و بونیادنانی هەر پیشەسازییەکدا دادەنرێت.

ناوچەی توێژینەوەش یەکێکە لە ناوچە چڕەکان بە دانیشتوان و دەستکەوتنی هەلی کار تیایدا، کە ئەمەش هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندن ، دروستکردنی چەندین کارگە و پیشەسازی نوێ بەخشیوە، وایکردووە کەمترین دەستی کار لە دەرەوەی ناوچەکەوە بهێندرێت، کە ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دانیشتوان و کارگە و پیشەسازییەکان هەیە .

گرنگی دانیشتوان بۆ پیشەسازی خۆی لە دابینکردنی دەستی کار بۆ چالاکیە پیشەسازییەکان دەبینێتەوە، هەروەها وەک بەکاربەری بەرهەمە پیشەسازییەکان، تێکڕای گەشەی دانیشتوان و دابەشبوونی شوێنی و پێکهاتەی دانیشتوان بەتایبەتی پێکهاتەی تەمەن و قەبارەی هێزی کاری هەر ناوچە و وڵاتێک کاریگەریی گەورەی لەسەر گەشەی چالاکیە پیشەسازییەکان هەیە ، زانینی تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان و پێشبینی کردنی بۆ قەبارەی دانیشتوان و زیادبوونی دانیشتوان پێمان دەڵێت کە چ جۆرە چالاکییەکی پیشەسازی پێویستە پەرەی پێبدرێت.

دانیشتوان و بنەماکانی سەرچاوەی دابینکاری دەستی کارە، ئەویش لەڕێگای لێکدانەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان، بەتایبەت پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان، بنەمایەکی گرنگی جوگرافیایە کاریگەریی گەورەی لەسەر چالاکی پیشەسازی هەیە ، چونکە دیاریکردنی کۆمەڵگەی دانیشتوانە بەپێی گروپەکانی تەمەن کە دیاریکردنی گروپی بەکاربەر و بەرهەمهێنە (علی 2023)

دانیشتوان جەستەیەکی زیندووە واتە لەگۆڕانی بەردەوامدایە هەندێکجار ژمارەیان زیاددەکات و هەندێك جاریش ژمارەیان کەم دەکات، ئەم زۆربوون و کەمبوونەش یان بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات لەڕێگەی جیاوازی لەنێوان لە دایك بوون و مردنەوە،یاخود بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جوگرافیناسان گرنگییەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی قەبارە و گەشەکردنی دانیشتوان دەدەن، چونکە دانیشتوان دروستکەر و هۆی گەشەکردنی هەموو ئالوگۆڕییەکانن لە دامەزراوەکان و چالاکیە پیشەسازییەکان (سمحە 2009) خشتەی ژمارە (1) : ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون لە نێوان ساڵانی(2000-2023).

خشتەی ژمارە
(1) دانیشتوانی پیرەمەگرون

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| 2000 | 18190 |
| 2002 | 18950 |
| 2005 | 22000 |
| 2009 | 28900 |
| 2010 | 29650 |
| 2011 | 30693 |
| 2012 | 31614 |
| 2014 | 33539 |
| 2015 | 34545 |
| 2016 | 35780 |
| 2017 | 36649 |
| 2018 | 37748 |
| 2019 | 38158 |
| 2020 | 39500 |
| 2021 | 40250 |
| 2022 | 42000 |

سەرچاوە : (سلێمانی 2022)

بەگوێرەی خشتەی ژمارە(1) دەردەکەوێت دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون لە گەشەیەکی بەردەوامدایە، تیایدا ژمارەی دانیشتوان لە ناحیەکەدا (18190)کەس، لە ساڵی (2000) بەرزدەبێتەوە بۆ (29650)کەس، لە ساڵی (2010) بەتێکڕای گەشەی ساڵانە دەگاتە (61%)

## 2. پەیکەربەندی کەرتی پیشەسازی لەسەر بنەمای هەلی کار و قەبارەی پیشەسازییەکان

دەستی کار :یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی، گرنگیەکەی وەستاوەتەوە سەر کەمی و زۆری لەگەڵ شارەزایی و لێهاتویی، دەکرێت هەندێکجار هۆکاری گەشەسەندن بێت، یاخود ببێتە ئالنگاری بەردەم ئەم چالاکیە ئابوریە(العزاوي 2021) دەستی کار واتە هێزی بەرێوەبردنی ڕێکخراو، سەرجەم پرۆژە پیشەسازییەکان پێویستیان بە دەستی کار هەیە، هەر لەبەرئەمەشە لە ناوچەی توێژینەوە پۆڵێنی کارگە پیشەسازییەکان بەپێی دەستی کار و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ سەر سێ گروپ دابەشبوون، ئەوانیش:-

أ-کارگە پیشەسازییە بچوکەکان .

ب-کارگە پیشەسازییە مامناوەندەکان .

پ-کارگە پیشەسازییە گەورەکان .

کە هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای دەستی کار و ڕەخساندنی هەلی کارە، وەک دەردەکەوێت زۆرترین هەلی کار لە کارگە پیشەسازییەکانی ئایس ستار و الاحسن دەردەکەوێت .لەبەرئەوە هەتاوەکو کارگەی پیشەسازی گەورە بکرێتەوە لەسەر ڕوبەرێکی گەورە و وەبەرهێنانی زۆربێت و بەرهەمەکانی بۆ زۆرترین شوێن بڕوات ئەوا بێگومان دەستی کاری زۆریشی دەوێت .

پەیکەربەندی پیشەسازی بە یەکێك لە لێکۆڵینەوە گرنگ و پێویستەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازی دادەنرێت، چونکە هۆکارە بۆ دەرخستنی چەندیەتی و چۆنیەتی بوونی پیشەسازییەکان بە ژمارە و جۆرەوە لە ناوچەیەکدا، بۆ دیاریکردنی پەیکەری پیشەسازی پێویستە پیشەسازی ناوچەکە پۆلێن بکرێت(پۆلێنکردنەکە لەسەر لەسەر بنچینەیەك) لەسەر بنەمای ئەو پۆلێنکردنە کەرتە پیشەسازییەکان دیاریبکرێت(مقابلة، 2006) دەستی کار وەستاوەتەوە سەر شارەزایی و لێهاتویی لەلایەک و ژمارە و سروشتی کار و جۆری دامەزراوەکە لەلایەکی تر، بەپێی جۆری دامەزراوەکە گرنگی دەستی کار دەگۆڕێت، بۆ نمونە هەندێک پیشەسازی پێویستی بە پیشەسازی دەستی کاری لێهاتو یاخود ئەزموندار هەیە، لەبەرئەمەشە هەموو ئەو کەسانەی کە داوای کار لە کارگەی ئایس ستار(گروپی کۆمپانیاکانی پێنجوێن) و کارگەی الاحسن دەکەن، دەبێت سی ڤی (C.V) خۆیان بنێرن و دواتر بڕوانامە و لێهاتویی دەکرێتە پێوەر. (علي 2022)

**یەکەم: پۆلێنکاری کەرتی پیشەسازی لە ناحیەی پیرەمەگرون**

پۆلێنکاری پیشەسازی (Industrial classification) :بریتیە لە کۆکردنەوەی پیشەسازییە هاوشێوەکان لە یەک کەرتدا یان بەستنەوەیان بەیەک کەرتی پیشەسازییەوە بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەسەر پیشەسازی و جۆر و ژمارەی کرێکار و بڕ و ئاستی بەرهەم، چونکە پۆلێنکاری پیشەسازی دەبێتە هۆی دارشتنی پلانی پیشەسازی و پەرەپێدانی ئابوری وڵات(الوتبان 2010)

چالاکیە پیشەسازییەکان چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، جیاوازی لەنێوان کەرەستەی خاوی سەرەتایی و ڕێگەی بەرهەمهێنان و سروشتی بەکارهێنانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

بەرهەمەکانیان هەیە ، هەروەها جیاوازی لەڕوی قەبارە و توانایان و پێداویستیان بۆ سەرچاوەکانی وزە و سوتەمەنی.

چەندین پۆلێنکاری وەک پۆلێنکاری (ISIC) پۆلێنی ئەنجومەنی کومیکون، پۆلێنی تایبەت بە چەندین هەرێمی ئەوروپی هەیە ، بەڵام زۆربەی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرەپێدانی پیشەسازی(UNIDO).

بەگوێرەی ئەم پێوەرانە پیشەسازییە کشتوکاڵیەکان دەکەونە ناو چوارچێوەی پیشەسازییە گۆڕاوەکان و لەڕیزبەندی دووەم دەبێت، بۆیە چالاکی پیشەسازی دابەشکراوە بۆ 3 بەشی سەرەکی، ئەوانیش:

أ-پیشەسازی دەرهێنانی کانزا.

ب-پیشەسازییە گۆڕاوەکان .

ت-کارەبا و غاز و گەیاندنی ئاو .

هەر یەکێکیش لەمانە لە کەرت و بەش و کۆمەڵە و لقی تر پێکدێت ، بۆ نمونە پیشەسازی دروستکردنی خۆراک وەک ( ئارد و گەنم و جۆ و دانەوێڵە و ساوەر ...هتد ) لە کارگەی پیشەسازی الاحسن، بەجۆرێک بەرهەمەکانی ئەم کارگەیە تەنها بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو دەگاتە ناوەڕاست و باشوری عێراقیش.

بەرهەمەکانی ئەمجۆرە پیشەسازیانە بە یەکێک لە بەرهەمەکانی پیشەسازیە سەرەکییەکان دادەنرێت، هەر ئەمەش وایکردووە هەموو دەوڵەتان هەوڵی بە دەستهێنانی ئەمجۆرە پیشەسازییە دەدەن، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرهەمەکانی و گەیشتن بە سەربەخۆیی بەرهەمهێنان (امین 2016)

لەهەر توێژینەوەیەکدا پۆلینکردنی پیشەسازی بەپێی ئامانجێکی دیاریکراوە، پۆلێنکردنەکانیش لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتیکی تر جیاوازە، وەک پۆلێنکاری نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکییە ئابوریەکان (ISIC)، پۆلێنکاری ئەنجومەنی هاوکاری ئابوری، پۆلێنکاری ئەڵمانی، پۆلێنکاری ئەمریکی، هەروەها چەندین پۆلێنی تر لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان یان جۆری کەرەستەی خاوی بەکارهاتوو یان بەپێی بنەما تایبەتمەندییە گشتیەکان، سەرەرای ئەوەی دەکرێت لەهەمان پۆلێنکاریدا پێورەکانی پۆلینکاریەکە جیاواز بێت(رشید 2014)

بێگومان کە دامەزراندنی هیچ کارگەیەکی پیشەسازی بەبێ هۆکار و پاڵنەر نابێت، گرنگی و بایەخی هۆکارەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، پەیوەست بوونی پیشەسازییەکانیش بە هۆکارەکانەوە لە پیشەسازییەکەوە بۆ پیشەسازییەکی تر جیاوازە.

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا بۆ دیاریکردنی کەرتی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بە پۆلێنی قەبارە دەبەستین ، تاوەکو ئێستا لێکۆڵەرەوانی بوارەکانی جوگرافیا و ئابوری و پیشەسازی ڕێکنەکەوتون لەسەر پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەم پۆلێن کردنە، بەڵکو لەسەر چەند بنەمایەک هەڵدەستن بەدیاریکردنی یاخود پۆلێنکردنی کارگە پیشەسازییەکان لەوانە ( ژمارەی دەستی کار(کرێکار*) – سەرمایە – کارمەند *) .

ئاڕاستەکانی پلاندانان لەلایەنی ئاماریی و یاسایی لە کاتی دروستکردنی بەراوردکاری هۆکارەکەی بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە:-

أ-ژمارەی دەستی کار دەکرێت بەپێوەر، بەژمارەیەکی جێگیر بۆ هەموو پڕۆژەیەکی پیشەسازی، لەڕوی دروستکراودا و بەگوێرەی پێویستی ڕاستەقینە بۆ هەموو پیشەسازییەک.

ب-ژمارەی کرێکارەکان کارتێکراو نابێت بە ئاستی جێبەجێکردنی ئابوری بەتایبەتی لەباری هەڵئاوساودا.

فەلسەفەی پۆلێنکردنی پیشەسازی بە گوێرەی قەبارە، دیاریکردنی قەبارەی کارگە پیشەسازییەکانە بەپێی کارگەی پیشەسازی (بچوک، مام ناوەند، گەورە) ئەم پێوەرە پشت بەست بە دەستی کار لەناو پرۆژە پیشەسازییەکە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆنمونە بەلای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی ( UNIDO) بەمشێوەیە دەیناسێنێت پیشەسازی قەبارە بچوک : ئەو پیشەسازیانە دەگرێتەوە کە موڵکی تاکەکەسە و دەستی کاری لەنێوان (10-50) کەس دایە، بەڵام قەبارە مامناوەند لە( 51-100) ، لە ١٠٠ کەس زیاتر بە قەبارە گەورە دادەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەوڵاتی عێراقدا لەزۆربەی لێکۆلینەوەکانی جوگرافیای پیشەسازی پشت بە بەکارهێنانی ژمارەی دەستی کار لە کارگەکاندا بۆ دیاریکردنی قەبارەی کارگە پیشەسازییەکان دەبەسترێت ، چونکە بە گوێرەی دەزگاکانی پیشەسازی عێراق لە ساڵی 1983 بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی پشتبەستە بە دەزگاکانی ناوەندی ئامار کە تیایدا دەڵێت:

أ-پیشەسازی قەبارە بچوک : ئەو پیشەسازیانەی کە دەستی کاریان لەنێوان (1-10) دایە .

ب- پیشەسازی قەبارە مامناوەند : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە، کە دەستی کاری لەنێوان ( 29-11) دایە .

ج-پیشەسازی قەبارە گەورە : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە، کە ژمارەی دەستی کاریان لەجۆرەکانی پێشو تری زیاترە لە (٣٠) کارمەند و زیاتر(الألوسي 2022)

ئێمەش بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت ئەستورین بە هەمان پۆلێنکاری کە لە وڵاتی عێراقدا بەکار دێت بەکارهێنانی ژمارەی دەستی کارە لەبەرئەوەی :-

١-ئاسانکارە بۆ کرداری بەراوردکاری لەنێوان کەرتەکانی پیشەسازی و دیاریکردنی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تایبەتمەندیە جوگرافیەکانەوە هەیە.

٢-پێوەرێکی جێگیر و نەگۆڕە لەزۆربەی دۆخەکاندا .

٣-کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ بەکارهێنانی ئەم پێوەر ئاسانترە بە بەراورد بە سەرمایە(مقابلە 2006)

لەبەرئەوە پێوەرێکی ئاسانە و ئاسانترین پێوەری پەیڕەوکراوە بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی ( بچوک – مامناوەند– گەورە )

**دووەم : پۆلێنکردنی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپۆلێنکاری قەبارە بەپێی پێوەری دەستی کار .**

پشت بەست بە پۆلێنی ستانداردی وڵاتی عێراق، کە دەستی کاری وەک بنەمای سەرەکی قەبارەی پیشەسازی دیاریکردووە، کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش دەکەین بۆ سێ قەبارە ( بچوک – مامناوەند – گەورە ) .

**١-پیشەسازی قەبارە بچوک**

ئەو پیشەسازییانەن کە مرۆڤ پشت بەستە بە شارەزایی و پیادەکردنی لەلایەن مرۆڤەکانەوەیە و پشت بەستە بە دەستی کار و کەرەستە خاوەکانی و ئامانج تیایدا بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی مرۆڤە لەبوارە جیاوازەکاندا (صقر 2004) پیشەسازییە بچوکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێنج پیشەسازییە(*). بڕوانە خشتەی (2) کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

خشتەی ژمارە (2)

دابەشبوونی پیشەسازییە بچوکەکانی ناوچەی توێژینەوە

| ژمارە | ناوی کارگە | شوێنی کارگە | ژمارەی دەستی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | کارگەی غازی پیرەمەگرون | سەر ڕێگای سەرەکی دوکان – سلێمانی | 9 |
| 2 | سەرپرخانەی پیرەمەگرون | ناوچەی پیشەسازی پیرەمەگرون | 9 |
| 3 | کارگەی ئاوی ژیان | گوندی بالاَنقۆز | 8 |
| 4 | کارگەی بلۆکی شارستێن | دەروازەی پیرەمەگرون | 8 |
| 5 | کارگەی ئاسنی ژیار | ناوچەی پیشەسازی | 7 |
| | کۆی گشتی | | 41 دەستی کار |

پیشەسازیە بچووکەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەسەر کەرتی پیشەسازی ڕێــژەی نــزیکەی(31.25%)لە کــۆی ســەرجەم کارگە پیشەســازییەکانی ناوچەکە پێکــدەهێنیت، لە هەمانکاتــدا لەرووی دەســتی کارەوە، کەمــترین دەســتی کار لەم چــالاکیە پیشەســازییانەدا دەبینــدرێت، لەبەرئەوەی چــالاکی تاکەکەســیە و خاوەنــداریێتی بــۆ تەنهــا کەســێک دەگەڕێــتەوە، وێــنەی ژمــارە(١) وێــنەی کارگەیەکی بچــوک نیشــاندەدات، ئەم کارگــانە مێــژوویەکی کۆنیــان هەیە، بەتایــبەتی هەر دوو کارگەی غــازی پیرەمەگــروون و کارگەی بلــۆکی شارســتێن، لەم جــۆرە پیشەســازییانەدا لەبەرئەوە بەرهەمەکانیــان بــۆ ناوخــۆیە و تواناکانیــان ســنووردارە، ئەوا دەســتی کاریان کەمە و کەمــتر کاریــگەریان لەســەر کەمکــردنەوەی گــرفتی بــێکاری هەیە، لەبەرئەوەی زۆرێــک لە ئــامێرەکان ئەلیکترۆنــین، ســەبارەت بەدەســتی کار لە کارگە پیشەســازیە بچوکەکانــدا بە پێــی ئامــاری ســاڵی (2023) (41) کەس لەم کەرتەدا کاردەکەن.

وێنەی ژمارە (1) کارگەی غازی پیرەمەگرون



سەرچاوە : کاری توێژەر 01-07-2024

**٢-پیشەسازی قەبارە مامناوەند**

هەمــوو ئەو پیشەســازیانە دەگــرێتەوە، کە ژمــارەی دەســتی کاری لە ( 10 ) کەس زیاتــرە، ســەبارەت بە ناوچەی لێکــۆڵینەوە ژمــارەیان دەگــاتە ( 6 ) پیشەسازی، تایبەتمەنــدیان ئەوەیە، ژمارەی لە پیشەسازی بچـوک زیاتـرە و لە پیشەســازی گەورە کەمــترە و زیاتــر پشــت بە گــروپ دەبەســترێت ، وەک لە خشتەی ( 3 ) دا دەردەکەوێت .

خشتەی ژمارە (3)

دابەشبوونی پیشەسازییە مامناوەندەکانی ناوچەی توێژینەوە

| ژمارە | ناوی کارگە | شوێنی کارگە | ژمارەی دەستی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | دۆشــەک و سیســەمی ئەندەج | ناوچەی پیشەســازی پیرەمەگرون | 18 |
| 2 | کارگەی ئاردی ڕاستی | ناوچەی پیشەســازی پیرەمەگرون | 19 |
| 3 | کارگەی دروســتکردنی بلۆکی پیرەمەگرون | دەروازەی پیرەمەگرون | 18 |
| 4 | کارگەی ئاسنی حاجی | ناوچەی پیشەسازی | 17 |
| 5 | سوپەر فید بۆ ئالیک | ســەر ڕێگــای دوکان – سلێمانی | 15 |
| 6 | کارگەی دارتاشی | ناوچەی پیشەسازی | 16 |
| | کۆی گشتی | 102 دەستی کار | |

پیشەســازیە مامناوەنــدەکانی ناوچەکە ڕۆڵێکــی گرنــگ لەســەر کەرتی پیشەســاز دەبیــنن، ڕێــژەی نــزیکەی لە (37.5%) ئەمجــۆرە پیشەســازییانە کە ژمــارەیان (6) کارگەیە بــوون بە هــۆی ڕەخســاندنی هەلی کار بــۆ (102) کەس بە پێی ئامارەکانی ساڵی (2023).

کــۆی گشــتی دەســتی کاری ناوچەکە پێکــدەهێنن، ئەم چالاکیــانە بەوە دەناسرێــنەوە ژمــارەی دەســتی کاری لە پیشەســازی بچــوک زۆرتــرە و لە پیشەســازی گەورە کەمــترە، ژمــارەی دەســتی کاریان زیاتــرە، دەکەونە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە.

وێنەی ژمارە (2) پیشەسازی مامناوەند




کۆمپانیای سۆپەر فید بۆ ئالیک. 01-07-2024

**٣-پیشەسازی قەبارە گەورە**

ئەو پیشەســازیانە دەگــرێتەوە، کە ژمــارەی دەســتی کاریان لە( 30 ) کەس زیاتــرە، ســەبارەت بەناوچەی تــوێژینەوە (5 ) کارگەی پیشەســازی قەبارە گەورە بەدیــدەکرێت، خشــتەی (4) ئەم پیشەســازییانە ڕۆڵێکــی گرنــگ و کاریگەریــان لەگەشەســەندن و پەرەپێــدانی کەرتی پیشەســازی و دابینکــردنی هەلی کار و بەدیهێنــانی ســەرمایە هەیە ، شــایانی باســە گــروپی کۆمپانیــاکانی پێنجوێن ( ئــاسی ســتار، کارتــۆن، تــوتن، کلێــنس )کارگەی ئــاردی الاحســن ، کارگەی میــدیکاڵ لایــف ، کارگەی هــێلکەی قەرەچتان) لەو چــالاکییە پیشەســازیانەن کە لەســەر ئاســتی ناوچەکە و پارێزگــای ســلێمانی بەوە ناسراون دەســـــــتی کاریان زۆرە و لە پیشەســـــــازیە گەورەکانـــــــن و بەرهەمەکانیــان بــۆ ناوخــۆ و دەرەوەی هەرێــمە، بەتایــبەتی بــۆ ناوەڕاســت و باشــوری عێــراق، وێــنەی ژمــارە(3) کارگەی گەورە نیشــاندەدات، ڕێــژەیان دەگاتە (31.25%)

سەبارەت بەرێژەی دەستی کار لە سەرجەم کارگە و پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە جیاوازە، کە بەمجۆرەی خوارەوەیە :

أ-کارگەی بچوک بۆ دەستی کار 3.7%

ب-کارگەی مامناوەند بۆ دەستی کار 9.2%

پ-کارگەی گەورە بۆ دەستی کار 87.09%

خشتەی (4)

دابەشبوونی پیشەسازییە گەورەکانی ناوچەی توێژینەوە

| ژمارە | ناوی کارگە | شوێنی کارگە | ژمارەی دەستی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | گروپی کۆمپانیایکی پێنجوین (ئایس ستار ) | گوندی زێوێ | 600 |
| 2 | کارگەی میدیکاڵ لایف | گوندی زێوێ | 65 |
| 3 | پاڵاوگەی نەوتی میرکۆ | سەر ڕێگای سەرەکی دوکان – سلێمانی | 30 |
| 4 | کارگەی ئاردی الاحسن | گوندی قەرەچەتان | 200 |
| 5 | کارگەی هێلکەی قەرەچەتان | گوندی قەرەچەتان | 70 |
| کۆی گشتی | | 965 دەستی کار | |

پیشەسازیە قەبارە گەورەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی( 87.90%) ئەمەش زۆترین ڕێژەیە بە بەراورد بە هەر دو جۆرەکەی پێشو، هەموو ئەم پیشەسازیانە دەکەونە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە، زۆترین هەلی کاری بۆ ناوچەکە ڕەخساندووە، خاوەنی زۆرترین بەرهەمن، بوونەتە بوژاندنەوەی بازاڕ و سەرمایەی ناوچەکە.

وێنەی ژمارە(٣)کارگەی ئایس ستار



سەرچاوە : کاری توێژەر ٣-٧-٢٠٢٤

**تەوەری سێیەم : کارگە و پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە**

بابەتی دەستی کار و ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆیی لە ناوچەکەدا، بەشێکە لە بناغەی ئابوری و ئاسایشی خۆراک و هێزێک بە ئاسایشی کارکەران دەبەخشێت و هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتیشە، لەبەر ئەوەی خاوەن ژێرخانێکی گەورەی وەبەرهێنان و هێزی کارن، کەرتی پیشەسازی پێویستی زیاتری بە دەستی کار و پسپۆری یە،

لە سنوری ناوچەی توێژینەوەدا چەندین کارگەی پیشەسازی بەدیدەکرێت، بوونەتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە، لەبەرئەوەی :-

1-ئەوانەی دەبێت کار بکەن لەم کارگە پیشەسازیانە دەبێت تەمەنیان سەروی 18 ساڵ بێت، ئەوەش لە کاتێکدایە تەمەنی (15-64) ساڵ لە ناوچەی توێژینەوە زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنێت، کە دەگاتە (64.9%) .

2-ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە کە لە (10%) تێپەڕناکات خەریکی کاری کشتوکاڵین، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە، لەبەرئەوەی کشتوکاڵ پێویستی بە دەستی کاری کەمترە و بەشێک لە زەویە کشتوکاڵیەکان بوونەتە شوێنی یەکەی نیشتەجێ بوون، و گۆڕانی ئاووهەوا وایکردووە کەمتر گرینگی بە کشتوکاڵ بدرێت، لەبەرئەوە زۆرترین هەلی کار لەسەر ناوچە پیشەسازییەکانە .

3-نەبوونی هیچ چالاکیەکی ئابوری تری وەک ( گەشتوگوزار، بازرگانی، گواستنەوە .... هتد ) هیچ یەکێک لەمانە سەرچاوەیەکی داهاتی باش مسۆگەر ناکەن و نابنە بژێویەکی سەرەکی داهات خێزانەکان.

4-بوونی چەندین کارگەی پیشەسازی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش (کارگەی ئایس ستار (گروپی کۆمپانیاکانی پێنجوین) و کارگەی الاحسن کە لە پیشەسازی خۆراک وەبەرهێنان دەکات، کارگەی میدیکاڵ لایف کە تایبەتە بە وەبەرهێنانی جلو بەرگی پزیشکی و دەمامک و.... هتد کە بەرهەمەکانی تەنها بۆ ناوخۆ نییە، بەڵکو دەگاتە عێراقیش .

5-بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەنج لە ناوچەکەدا، وایکردووە زۆرترین هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت، کە خاوەن کاری خۆیان نین و لە هیچ بوارێکی تری ئابوری دا کارناکەن و خاوەن هیچ داهاتێکی تر نین .

6-بەردەوام کارگە و پیشەسازی نوێ لە ناوچەی توێژینەوەدا دەکرێتەوە، لەبەرئەوە سەرجەم بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی تیادا دەستدەکەوێت، بەتایبەتی دەستی کار، کە خاوەنی زۆرترین دانیشتوانە.

ئەم پیشەسازیانە ژمارەیان (5)کارگەیە، کە لەخشتەی (4) بوونی هەیە، لەڕوی دەستی کارەوە زۆرترین ژمارەی دەستی کار لەم کارگانەدا کاردەکەن بە جۆرێک کە (965) هەلی کاری ڕەخساندووە.

لێرەدا ئامانجانە ژمارەی دەستی کار لە کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا بەپێی قەبارەی پیشەسازییەکان بخەینەڕو، لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەری کارگە پیشەسازییەکان لەسەر دروستکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ،باس لە گروپەکانی دانیشتوان دەکەین لە ناوچەی توێژینەوە:-

**١-پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە**

بنەمایەکی گرنگی جوگرافیایە کاریگەری گەورەی لەسەر چالاکی پیشەسازی هەیە، چونکە دیاریکردنی کۆمەڵگەی دانیشتوانە بەپێی گروپەکانی تەمەن کە دیاریکردنی گروپی بەکاربەر و بەرهەمهێنە.

آ-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( منداڵ ) :

ئەو گروپەیە کە تەمەنیان لەنێوان ( ٠-14) ساڵ دایە، ژمارەیان ڕێژەی لە (30.2%) دانیشتوان لە خۆدەگرێت.

ب-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( هێزی کار )

ئەو گروپەیە کە تەمەنیان لەنێوان ( 15-64) ساڵ دایە، سەرچاوەی سەرەکی دابینکاری دەستی کارە و بەگروپی بەرهەمهێن ناودەبرێن، ڕێژەی ( 64.9%) دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت، کە گەورەترین گروپی تەمەنن.

ج-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( گەورە و بەساڵاچو )

ئەو گروپە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە (64) ساڵ زیاترە و بەگروپی بەکاربەر ناودەبرێت، چونکە توانای کاریان سنوردارە یاخود کەمە، ڕێژەیان دەگاتە (4.9%) دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت، کە کەمترین گروپی تەمەنن لە کۆی دانیشتوانی ناوچەکە(پیرەمەگرون 2024)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

**٢: پێکهاتەی ڕەگەز**

مەبەست لە پێکهاتەی ڕەگەزی کرێکارە بۆ هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمەش بەپێی جۆر و شێوازی کەرتی پیشەسازی دەگۆڕێت، هەندێک پیشەسازی هەیە پێویستی بە ڕەگەزی مێیە، بەپێی داتاکانی ساڵی ( 2022 ) ژمارەی ڕەگەزی مێ لە کەرتی پیشەسازی لە ناوچەکەدا 160 کەس بووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (15٪) کۆی دەستی کار لە ناوچەکە.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین هەتاوەکو ژمارەی کارگە و پیشەسازییەکان زۆرترببن، ئەوانی هەلی کار زیاتر دەرەخسێنن بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، بەتایبەتیش ئەگەر پیشەسازیەکان قەبارە جیاوازبن، کردنەوەی کارگەی ئایس ستار کە لەساڵی 2020 کرایەوە و بنیادنرا، ژمارەی دەستی کاری دەگاتە (600)کەس کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە زۆرترین هەلی کاری ڕەخساندووە، بەردەوامیش گروپی تری لێ دروست دەبێت، چونکە سەرەتا تەنها تایبەت بوو بە دروستکردنی شیرەمەنی و ساردەمەنی، بەڵام دواتر بەهۆی بوونی بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی و دەستکەوتنی هەلی کار لە نزیک کارگەکە، وایکرد لقی تری لێ دروست بێت، وەک دروستکردنی (کارگەی کارتۆن، کارگەی کلینس، جگەرە، ....هتد ) هەموو یەکێک لەمانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زیاتر بوون و ڕەخساندنی هەلی کار هەیە ، لەلایەکی تریشەوە بوونی کارگەی الاحسن یارمەتیدەرێکی ترە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار، لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی ئەم کارگەیە جۆراوجۆرە لە پیشەسازی خۆراک و هەروەها بەرهەمەکەشی تەنها بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو زۆرێک لە بەرهەمەکانیان بۆ عێراق دەنێرن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین سەرجەم کارگە و پیشەسازییە گەورەکان لە دوای ساڵانی (2020) ەوە، دامەزران و بونیادنران. پێچەوانەی کارگەی بچوک و مامناوەند، بەتایبەتی کارگەی بچوک کە مێژوویەکی کۆنیان لە ناوچەکەدا هەیە ، ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەربوون لە بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەکە :

١-دەستی کار
٢-سەرمایە
٣-ڕێگاوبان
٤-ئاووهەوا
...هتد

**ئەنجام :**

1- ناوچەی پیرەمەگرون یەکێکە لە ناوچە گرنگەکان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، بەتایبەتی لەڕوی هەڵکەوتی شوێنی جوگرافیەوە، ئەمەش وایکردووە، لەم ساڵانەی ڕابردودا ژمارەیەکی بەرچاو لە کارگە و پیشەسازی نوێ دابمەزرێندرێت، لەوانەش (کارگە پیشەسازی ئایس ستار، کارگە پیشەسازی الاحسن و میدیکاڵ لایف ... هتد )

2- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان، بەتایبەتیش ئەوانەی لە سەروی 18 ساڵن و دەتوانن کاربکەن، کە ڕێژەکەیان دەگاتە (64.9%) ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و گونجاو بۆ دامەزراندنی چەندین کارگە پیشەسازی نوێ .

3- ژمارەی کارکەران لەسەرجەم پیشەسازیەکانی ناوچەکە (1108) کەسە، کە (41) لە کارگە پیشەسازییە بچوکەکاندا کاردەکەن و (102) لە کارگە پیشەسازیە مامناوەندەکاندا و (965) کەسیش لە کارگە گەورە پیشەسازییەکاندا کاردەکەن.

4-شوێنی جوگرافی و بوونی بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی بەتایبەتی دەستی کار لە هۆکاری سەرەکی دروست بوونی چەندین کارگە و ناوچەی پیشەسازین .

5-بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەلی کار و کارگە پیشەسازییەکان، لەبەرئەوەی هەموو ناوچە پیشەسازییەکان ڕێژەیەکی زۆر لە هەلی کار دابین دەکەن.

6-لاوازی سەرجەم کەرت و چالاکیە ئابورییەکانی تر، بەتایبەتی کەرتەکانی (کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و گواستنەوە و بازرگانی ..... هتد )

**ڕاسپاردەکان:-**

پێویستە لە کاتی دامەزراندنی هەر کارگەیەک یان هەر کەرتێکی پیشەسازی لایەنی پەیوەندیدار مەرجی تایبەت بە دامەزراندن و هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە دابین بکات، هەروەها هاندانی کارگەکان بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی خۆماڵی و پەی بردن بە کەرەستەی خاوی تر و هێنانی ئەو کەرەستە خاوانەی کە لە ناوچەکەدا نییە، هاندانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان لەڕوی بڕی بەرهەم و کوالیتیەوە و بۆ دابینکردنی سەرچاوەی وزەی پێویست بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکانیان، دابینکردنی شوێنی گونجاو تایبەت بە کارگە پیشەسازییەکان و دورخستنەوەی کارگەکان لە سەنتەری ناحیەکە، پەیڕەوکردنی سیستەمی دوبارە بەکارهێنانەوە واتە ڕیسایکلین و بەستنەوەی کارگەکان بەناوەندی شار و بازاڕەکانەوە بە ڕێگاوبانی گونجاو، هەروەها بەشدارپێکردنی گەنجان لە نێو پرۆژە پیشەسازییەکان و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان کەرتی حکومی و تایبەت .

1- گرنگی دان بە بەکارخستنی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ناوچەکە لە کارگە پیشەسازیەکاندا لە ڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتی خۆجێی ناوچەکە لە ئیدارەی قەزا و یەکە ئیداریەکانی ناوچەکە.

2- دیاریکردنی ڕێژەیەک بە یاسا کە ژمارەی کارکەران دانیشتوی پیرەمەگرونە پیشەسازییەکانی ناوچەکە بەرزبکاتەوە بۆ سەرو ڕێژەی (٥٠٪) کە ئێستا تەنها (٢٧.٢٣٪)ە، بەشێوەیەک ئەو هەلی کارانەی کە کارگە پیشەسازییەکان دەیڕەخسێنن ئەولەویەت بدرێت بە دانیشتوانی ناوچەکە.

3-کردنەوەی پەیمانگای پیشەیی و هونەری بەتایبەتی (میکانیک و کارەبا) بۆ دانیشتوانی سنورەکە تا بتوانن سود لەو هەلی کارانە ببینن کە کارگەکان دەیڕەخسێنن.

گرنگی دانی زیاتر بە دابینکردنی مافەکانی کارکەرانی کارگە پیشەسازیەکان لە روی کاتژمێرەکانی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سەلامەتی و فەراهەم کردنی ئازادی بۆ کارکەران بۆ خۆڕێکخستنیان لە یەکێتیە کرێکاریەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانیان تا خەڵکێکی زیاتر روبکەنە کەرتی پیشەسازی بۆ کارکردن و کەمکردنەوەی بێکاری لە ناوچەکە.

٤- قورسی مەرج و داواکارییەکانی کارگەکانی ئایس ستار لەسەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت وەکو کرێکار کاربکەن، چونکە داوای زۆر پێداویستی ڕۆتینی وەک بەڵێنامەی دادنوسی و پڕکردنەوەی و فەرمانبەرێک ببێتە کەفیل، کە ئەمەش بۆتە بارگرانییەکی زۆر بۆسەر کرێکار .

5-کارگەی چلورە و ئایس کرێم بەشێوەی ساڵەکە بەردەوام نییە، کە ئەمەش پێچەوانەی زۆربەی کارگە و پیشەسازیی و بەشەکانی تری کۆمپانیاکەیە، کە بە درێژایی ساڵ بەردەوامە، بەجۆرێک لە سەرەتایی مانگی ١٠ ەوە، کرێکار بەرێدەکرێت بۆماوەی زیاتر لە سێ مانگ، ئەمەش زۆرجار وا لە کرێکاران دەکات باری ژیانیان قورس بکات، تاوەکو دۆزینەوەی هەلی کارێکی تر . یاخود زۆرجار هەموو کرێکارانی پێشو بانگ ناکرێنەوە، بەڵکو کرێکاری تر وەردەگرن .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp414-423

6-گرنگیدان بە پسپۆڕی پیشەسازی و جەختکردنەوە لەسەر قوڵبوونەوە لەسەر پەرەپێدانی توانا پیشەسازییەکان لە کەرتە تایبەتەکانی پیشەسازی ناوچەی توێژینەوە، هەوڵدان لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی پیشەسازی، لەبەرئەوەی دامەزراندنی کۆمەڵگای پیشەسازیي و بەرزکردنەوەی ئاستی پسپۆڕی پیشەسازی لە چوارچێوەی فراوانکردن و قوڵبوونەوە لە پسپۆڕی و هاوکاری پیشەسازیدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی توانای زانستیي و هونەری و داهاتی ئابوری وڵات زیا دەکات، و هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوە چوونی زانست و تەکنەلۆژیا خێراتر دەکات .

## سەرچاوەکان


احمد, ئ. ج. (2015). "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان." زانکۆی کۆیە: ٧.

احمد،, ئ. ج. (2015). "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان." نامەی ماستەر زانکۆی کۆیە 19.

اسماعیل, س. ع. (1999). "باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق-جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق." کتێبی سەنتەری برایەتی- سلێمانی: 20.

الألوسي, ح. ا. ی. (2022). "التحليل الجغرافي الصناعة الصغيرة فی مدينة الرمادي." رسالة ماجستر، جامعه الانبار، كلية العلوم الانسانية، 16.

الصقار, ف. م. (1980). "الجغرافية الصناعية في العالم." الطبعة الأولى، وكالة المطبوعات الكويت: 108.

العزاوي, ی. ل. ح. (2021). "الصناعات العلفية في محافظة اربيل، دراسة في جغرافية الصناعة، أطروحة الدكتوراه ( غير منشورة )." جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الانسانية، ديالى، 21.

الوتبان, ح. ب. ع. (2010). "معجم مصطلحات الصناعة، " طبعة الاول، مكتبة العبيكات للنشر، الرياض، 140.

امین, ڕ. م. م. (2016). "هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە قەزای پشدەر." نامەی ماستەر بڵاو نەکراوە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان: 72.

بارام, ن. م. (2024). "بەرپرسی بەشی کارگێڕی ناحیەی پیرەمەگروون."

پیرەمەگرون, ب. ک. (2024). "هۆبەی ئامار و پلاندانان."

رشيد, ی. خ. (2014). "شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر." نامەی ماستەر، زانکۆی صلاح الدين کۆلێژی ئەدەبیات: 33.

سلێمانی, ب. ئ. (٢٠٢٠). "یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی." بەشی نەخشە و ئامار و پلاندانان GIS.

سلێمانی, ب. ئ. (2022). "ژمارەی خەمڵێنراوی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ".

سمحه, د. ف. ع. س. و. د. م. ع. (2009). "جوگرافیای دانیشتوان وەرگێڕانی هیوا ئەمین شوانی " چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر: 45.

سەعید, ک. ت. (2014). "جوگرافیای مرۆیي عێراق و چالاکی ئابووری." کتێبخانەی نارین - هەولێر: 18.

شيخو, ا. خ. ه. (2019). "التباين المكاني للانتاج واستهلاک الطاقة الكهربائية في محافظ دهوک و تمنيتها مستدامة." اطروحة الدكتوراه ( غێر منشورة ) ، جامعة دهوک: 66.

صقر, م. ف. (2004). "مواقع المشروعات الصغيرة والمتوسطة و اهميتها الاقتصادية ، ندوة المشروعات الصغيرة المتوسطة في الوطن العربي، الاشكاليات و افاق التنمية." المنعقد في القاهرة يومي ١٨-٢٢يناير: 22.

علی, گ. ح. (2023). "پیشەسازی لە قەزای بازیان و ڕۆڵی لە ڕەخساندنی هەلیکاردا." نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی بڵاو نەکراوە: 54.

علي, ن. د. (2022). "بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە ناحیەی بازیان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای پیشەسازی." نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە: 67.

عەتەوی, ع. (2015). "جوگرافیای مرۆیي ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە " ناوەندی غەزەلنووس - سلێمانی 67.

غفور, ع. (2016). "جوگرافیای کوردستان." چاپخانەی ڕەنج ، هەولێر: 180.

فتاح, ب. (2024). "لێپسراوی بەشی پلاندانان لە ناحیەی پیرەمەگروون."

مقابلة،, م. ح. م. و. أ. (2006). "مشروعات الصغيرة والمتوسطة و أهميتها معوقاتها." مركز منشأت الصغيرة ، الأردن: 4.

مقابله, م. ح. م. و. ا. (2006). "مشروعا
ت الصغيرة والمتوسطة و أهميتها و معوقاتها." مركز منشأت الصغيرة، الأردن: 4.